# گوتاری پیاوانی ئایینی

# تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

**بەشی یازدەهەم**

## ئەبو هورەیرە

دەمەوێت لەم بەشەدا، وەکو تەواوکەری بەشی پێشو، بە چڕوپڕی لەسەر (ئەبو هورەیرە) و تۆمەتباربونی بە فەرمودە سازکردن بدوێم و، ئەو لایەنە بەتەواوی ڕوناك بکەمەوە، بۆ ئەوەی کەسانێك لە خوێانەوە وا گریمانە نەکەن کە ئێمە لە خۆمانەوە کەسێك تۆمەتبار دەکەین و بەبێ بەڵگە و بە لافوگەزاف قسە دەکەین.. بەتایبەتی بۆ مەلاکانی (یەکێتیی زانایان)، کە لە وەڵامەکەیاندا (هەواڵ، ژ. ٢٨٧، ستونی ٣) نوسیویانە: (هەمو دژە دینان و ئەوانەی دوژمنی صەحابەن ڕقی گەورەیان لە شەخسی ئەبو هورەیرەیە، دیارە تۆش یەکێکی لەوان)! ئەگەر بەپێی ئەم قسەیە بێت دەبێت لەو کاتەوە کە خۆرهەڵاتناسەکان و توێژەرە ڕەخنەگرەکان لەسەر ئیسلام و مێژوەکەی دەنوسن ئەو دەنگوباسە دەربارەی کەسێکی وەکو (ئەبو هورەیرە) هاتبێتە کایە و پێشتر نەبوبێت، یان دەبێت تەنها خەڵکی ناموسوڵمان ئەو قسەوباسەیان لەسەر ئەبو هورەیرە کردبێت.. بەڵام ئێمە لەم باسەدا بۆیان دەسەلمێنین کە لە جیلی صەحابەوە ئەو قسەیە دەربارەی (ئەبو هورەیرە) هەبوە و هەر خودی سەرچاوە ئیسلامیەکان بە سەرچاوە سونی و شیعیەکانەوە ئەو دەنگوباسەمان بۆ دەگێڕنەوە.. ئەوەی مەلاکان تویانە تۆمەتبارکردنێکی بێبنەمای ئێمەیە بەوەی ــ گوایە ــ ئێمەش وەکو خەڵکێکی تر (ڕقی گەورە) مان لە (ئەبو هورەیرە) هەیە! جگە لەوەش بەو قسەیە دەیسەلمێنن کە ئاگایی پێویستیان لە کەلەپوری ئیسلامی و گێڕانەوە ئیسلامیەکان نیە، هەر هیچ نەبێت ئەو دەنگوباسەیشیان نەبیستوە کە عومەر لەسەر گێڕانەوەی فەرمودەی (زۆر) بە قامچی لە ئەبو هورەیرەی داوە! ئیتر تا عومەر ماوە ئەبو هورەیرە نەیتوانیوە هیچ بگێڕێتەوە. کەسێك ئاگای لە هەواڵێکی وەها نەبێت لە مێژوی ئیسلامی مانای وایە ئاگا و شارەزا نیە و لەقەبی (زانا) ی پێ ڕەوا نیە!

لێرەوە قسە و هەڵوێستی موسوڵمانە یەکەمەکان دەربارەی (ئەبو هورەیرە) هەر لە (عومەر) ەوە هەتاکو ئەوانەی دوایی، دەخەینە ڕو (ئەوەش بە پشتبەستن بە توێژینەوەکانی مەحمود ئەبوریە و د. موستەفا بوهەندی و سەرچاوەکانی تر)، تا بزانرێت کە هەر لەو کاتەوە ئەو کەسێتیە گومانلێکراو و تۆمەتبار بوە و، دەنگوباسەکە زادەی هەنوکە نیە و هیچ ڕقێکی گەورە(!) و هیچ مەبەستێکی تایبەتیی ئێمەمانانی تێدا نیە، تەنها ئەوەندە هەیە مرۆڤی موسوڵمان پێویستە وردودرشتی مێژوی ئیسلام شارەزا بێت تا چاووڕاوی لێ نەکرێت و بەرچاوڕۆشن بێت.

١. عومەر و ئەبو هورەیرە: دوای ئەوەی (ئەبو هورەیرە) لەگەڵ عەلائی کوڕی حەضرەمی لە بەحرەینەوە گەڕایەوە، و ئینجا زو زو چاوی بە (کەعبی ئەحبار) ی کۆنە حاخامی یەهودی دەکەوت و لەگەڵیدا کۆدەبوەوە، ئیتر دەستی کرد بە گێڕانەوەی فەرمودە لە پێغەمبەرەوە.. کاتێك عومەر بەوەی زانی ناردی بۆلای ئەبو هورەیرە بۆ ئەوەی واز لە فەرمودە گێڕانەوە بهێنێت، و قسەی ڕەقی پێ وت، و هەتا بە قامچی لێی دا ، و لە ئەبو هورەیرە خۆی و لە مامۆستاکەی (واتە کەعبی ئەحبار) قەدەغە کرد فەرمودە، واتە قسە و دەنگوباس لە پێغەمبەرەوە، بگێڕنەوە. بەپێی گێڕانەوەی (ئیبن عەساکیر) لە (سائیبی کوڕی یەزید) ەوە: عومەر بە ئەبو هورەیرەی وتوە: (یان واز دەهێنیت لە گێڕانەوەی قسە لە پێغەمبەرەوە یان دورت دەخەمەوە بۆ وڵاتی خێڵی دەوس) کە ئەبو هورەیرە لەو خێڵە بو، هەروەها بە پێی گێڕانەوەکە بە (کەعبی ئەحبار) ی وتوە: (یان واز لە گێڕانەوە دەهێنیت یان دورت دەخەمەوە بۆ وڵاتی مەیمونەکان) کە ئەمە لە هۆشیاریی ئیسلامیدا ئاماژەیە بۆ جولەکە چونکە کەعبی ئەحبار لە جولەکەی یەمەن بون (هەردو ئەبو هورەیرە و کەعبی ئەحبار لە یەمەنەوە هاتون). بۆیە سەرچاوەکان دەڵێن ئیتر عومەر هەر چاودێریی ئەبو هورەیرەی کردوە و چاوی لەسەر بوە، تا ڕادەی ئەوەی ڕۆژێك پێی دەڵێت: (زۆرت گێڕاوەتەوە، و پێ دەچێت درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە بکەیت) (أکثرت یا أبا هریرة، وأحرَ بك أن تکون کاذباً علی رسول الله) (مەبەستی ئەوەیە ئەبو هورەیرە ئەو هەمو فەرمودەیە دەگێڕێتەوە کە ناگونجێت ئەو هەموەی لە پێغەمبەر بیستبێت).

بەڵام دوای عومەر ئیتر ئەبو هورەیرە بوای بۆ گراوەتەوە. بەپێی سەرچاوەکان ئەبو هورەیرە خۆیشی دانی بەو ڕاستیەدا ناوە کە وتویەتی: (قسەگەلێك دەگێڕمەوە کە لە سەردەمی عومەردا ئەوانەم بوتایە سەرمی بریندار دەکرد)! (إني لأحدّث أحادیث لو تکلمت بها في زمن عمر لشجّ رأسي)، هەروەها بەپێی گێڕانەوەی (زوهری) لە (ئەبو سەلەمە) وە وتویەتی: (نەماندەوتوانی بڵێین "پێغەمبەر وای وت" هەتا عومەر مرد. لە قامچی دەترساین)! (ما کنا نستطیع أن نقول "قال رسول الله" حتی مات عمر، کنا نخاف السیاط)، هەروەها وتویەتی: (وا دەزانن ئەگەر عومر زیندو بوایە ئەم قسانەمبۆ دەگێڕانەوە؟ دەی سوێند بە خوا ئەو کاتە دڵنیا بوم کە ئەگەر وام بکردایە قامچیەکە دەگەیشتە پشتم) (أفکنت محدثکم بهذه الأحادیث وعمر حي ؟ أما والله لأیقنت أن المخفقة ستباشر ظهري). بۆیە (موحەممەدڕەشید ڕیضا) وەکو ئەنجامێکی ئەو هەواڵە مێژوییانە وتویەتی: (ئەگەر تەمەنی عومەر درێژ بوایەتەوە هەتا مردنی ئەبو هورەیرە ئەو هەمو حەدیسە زۆرەمان پێ نەدەگەیشت)! (لو طال عُمرُ عُمَرَ حتی مات أبو هریرة لما وصلت إلینا تلك الأحادیث الکثیرة).

٢. عوسمان و ئەبو هورەیرە: لە (سائیبی کوڕی یەزید) ەوە هاتوە کە وتویەتی: (عوسمان ناردمی بۆلای ئەبو هورەیرە کە پێی بڵێم: ئەم فەرمودەیە چیە لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕیتەوە؟ زۆرت گێڕاوەتەوە، یان واز دەهێنیت یان دەتنێرم بۆ شاخەکانی خێڵی دەوس "ما هذا الحدیث عن رسول الله؟ لقد أکثرت، لتنتهین أو لألحقنك بجبال دوس". هەروەها ناردمی بۆلای کەعب بۆ ئەوەی پێی بڵێم: ئەم فەرمودەیە چیە؟ دنیات پڕ کردوە لە فەرمودە، یان واز دەهێنیت یان دەتخەمە شاخەکانی مەیمونەکان) "ما هذا الحدیث؟ قد ملأت الدنیا حدیثا، لتنتهین أو لألقینك في جبال القردة". دیارە عوسمان ویستویەتی بڕیارەکەی عومەردوپات بکاتەوە، بۆیە ــ وەکو ئیبن سەعد لە موحمودی کوڕی لەبیدەوە دەگێڕێتەوە ــ لەسەر مینبەر وتویەتی: هیچ کەسێك بۆی نیە فەرمودەیەك بگێڕێتەوە لە سەردەمی ئەبو بەکر و عومەردا نەبیسرابێت) (لا یحل لأحد یروي حدیثا لم یسمع به في عهد أبي بکر ولا في عهد عمر).

٣. عەلی و ئەبو هورەیرە: زۆر جار ئەبو هورەیرە دەیوت (حدّثني خلیلي)، واتە "هاوڕێ دۆستەکەم قسەی بۆ کردم" کە مەبەستی پێغەمبەرە.. کە عەلی ئەوەی بیست ناردی بۆلای کە پێی بڵێن (ئەبو هورەیرە! کەی پێغەمبەری خوا هاوڕێ و دۆستی تۆ بو؟) (متی کان رسول الله خلیلك یا أبا هریرة؟). بەڵکو ــ بەپێی سەرچاوەکان ــ عەلی بە ڕاشکاوی و بە ئاشکرا دەربارەی ئەبو هورەیرە وتویەتی کە درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە دەکات، کە وتویەتی: (هیچ کەس بە ئەندازەی ئەبو هورەیرە درۆی بەدەم پێغەمبەرەوە نەکردوە) (إن أکذب الناس علی رسول الله لأبو هریرة الدوسي) یان (لا أحد أکذب من هذا الدوسي علی رسول الله).

٤. عائیشە و ئەبو هورەیرە: عائیشە زۆری پێ سەیر بو و پێی قبوڵ نەدەکرا کە ئەبو هورەیرە ئەو هەمو حەدیسە دەگێڕێتەوە، بۆیە ڕۆژێکیان پێی وت: (تۆ حەدیسی وا دەگێڕیتەوە کە من لە پێغەمبەرم نەبیستوە)! (إنك لتحدّث حدیثا ما سمعته من النبي)، ئەبو هورەیرەیش وەڵامێکی داوەتەوە کە بێشەرمی و ڕوداریەکی زۆری تێدایە کە وتویەتی: (ئاوێنە و کلدان وای لێ کردیت نەتپەرژێتە سەر ئەو) (شغلك عنه المرآة والمکحلة)، یان ـ بەپێی هەندێك سەرچاوەی تر ـ وتویەتی: (من ئاوێنە و کلدان و زەیتدان وایان لێ نەکردوم نەمپەرژێتە سەر ئەو) (ما کانت تشغلني عنه المرآة ولا المُکحُلة ولا المُدهُن).

٥. هەڵوێستی صەحابیەکانی تر:

ا. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر: جارێك لە مەجلیسی عەبدوڵڵای کوڕی عومەردا پیاوێك هاتوە وتویەتی: ئەبو هورەیرە دەڵێت: (نوێژی وەتر فەرز نیە، ئیتر چەندەی دەکەن بیکەن و لێیشی تەرك بکەن) (إن الوتر لیس بحتم ، فخذوا منه ودعوا)، ئیتر عەبدوڵڵا وتی: (ئەبو هورەیرە درۆی کردوە) (کذب أبو هریرة)! (هەرچەند ئەم درۆکردنە ڕەنگە بە واتا حیجازیەکە بێت، بە واتای نەپێکان و ڕاست دەرنەچونی قسە، بەڵام ئیبن عومەر بەو شێوازە هیچ متمانەیەك بۆ گێڕانەوەی ئەبو هورەیرە ناهێڵێتەوە). ئەمە لەکاتێکدا لەلایەکی ترەوە فەرمودەیەك هەر لە ئەبو هورەیرەوە هاتوە کە دەڵێت: (هەر کەس وەتر نەکات نوێژی نیە) (من لم یوتر فلا صلاة له) واتە نوێژەکەی تەواو نیە. کە ئەمە قسەکەی پێشوی هەڵ دەوەشێنێتەوە، جگەلەوەی هەر لە تەواوکەری هەمان ئەم گێڕانەوەیەی دوەمدا عائیشە ئەم قسەیەی دایش بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێت پێغەمبەر قسەی وای نەکردوە (تەبەڕانی).

هەروەها عەبدوڵڵا حەدیسێکی گێڕاوەتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەر فەرمانی داوە بە کوشتنی سەگ جگە لە سەگی ڕان یان سەگی ڕاو (أن رسول الله أمر بقتل الکلاب عدا کلب ماشیة أو کلب صید). بە عەبدوڵڵایان وت: ئەبو هورەیرە (أو کلب زرع) یشی بۆ زیاد دەکات واتە (یان سەگی باخ)، ئیتر عەبدڵڵا وتی: ئەوە ئەبو هورەیرە بۆ خۆی باخی هەیە!

ب. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس: ئەبو هورەیرە وتویەتی: (هەر کەس مردوێك بشوات و هەر کەس هەڵی بگرێت با دەستنوێژ بگرێتەوە) (من غسل میتا ومن حمله فلیتوضأ)، کە ئەم قسەیە بۆن‌وبەرامەی فیقهی یەهودیی لێوە دێت و ڕەنگە لە کەعبی ئەحباری وەرگرتبێت. جا عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ئەو قسەیەی ئەبو هورەیرەیان بەتوندی ڕەت کردوەتەوە.

جـ. زوبەیری کوڕی عەووام: جارێك هەندێك لە حەدیسەکانی ئەبو هورەیرەیان بۆ زوبەیری کوڕی عەووام دەگێڕایەوە، ئەویش لەسەر هەر حەدیسێك دەیوت: "ڕاستی کردوە"، یان "درۆی کردوە".

د. سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص: لە (شەعبی) ەوە هاتوە: کە ئەبو هورەیرە حەدیسی گێڕاوەتەوە، ئیتر سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ڕوبەڕوی بوەتەوە و دەمەبۆڵەی توندیان هەبوە.

٦. هەڵوێستی تابیعیەکان:

ا. ئیبراهیمی نەخەعی: کە فەرمودەناسێکی بلیمەت بوە و سەرچاوەی یەکەم بوە لە ڕۆژگاری خۆیدا بۆ ناسینی فەرمودەی ڕاست و ناڕاست. وتویەتی نابێت هەرچی ئەبو هورەیرە گێڕاوێتیەوە وەربگیرێت (لا یجوز الأخذ بکل حدیث أبي هریرة)، و وتوەتی کە قوتابی و هاوڕێیانی ئەبو هورەیرە زۆر گێڕانەوەی ئەویان تەرك کردوە (إن أصحابه کانوا یدعون منه الکثیر)، هەروەها وتویەتی: ئەوان پێیان وابو کە حەدیسی ئەبو هورەیرە کێشەی تێدایە، بۆیە تەنها لە بواری ئامۆگاری و باسی بەهەشت و دۆزەخ و چاکەکاریدا حەدیسیان لێ وەردەگرت (واتە نەك لە بواری یاسا و بیروباوەڕ بنەڕەتیەکان). هەروەها ئەعمەش هەر لە نەخەعیەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: باسی ئەبوهورەیرەم بۆ مەکە، ئەوانی پێشو زۆرێك لە حەدیسەکانی ئەویان تەرك دەکرد (دعني من أبي هریرة إنهم کانوا یترکون کثیرا من أحادیثه).

ب. ئەبو حەنیفە: موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی لە ئیمامی گەورە (ئەبو حەنیفە) ەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (تەقلیدی هەمو صەحابیەکان دەکەم و پێم ڕەوا نیە بیروڕای ناکۆکم هەبێت لەگەڵیاندا، تەنها سێ صەحابی نەبێت: ئەنەسی کوڕی مالیك و ئەبو هورەیرە و سەمورەی کوڕی جوندوب) (أقلّد جمیع الصحابة ولا أستجیز خلافهم برأیي إلا ثلاثة نفر: أنس بن مالك وأبو هریرة وسَمُرة)، کاتێکیش لێیان پرسیوە: بۆچی؟ وتویەتی: ئەنەس لە کۆتایی تەمەنیدا تێکەڵی دەکرد، و لە عەقڵی خۆیەوە فەتوای دەدا و منیش شوێن عەقڵی ئەو ناکەوم، ئەبو هورەیرەیش هەرچی دەبیست دەیگێڕایەوە(!) بەبێ ئەوەی بیر لە واتاکەی بکاتەوە و بەبێ ئەوەی ناسیخ و مەنسوخ لێك جیا بکاتەوە (وأما أبو هریرة فکان یروي کل ما سمع من غیر أن یتأمل في المعنی ومن غیر أن یعرف الناسخ والمنسوخ). هەروەها (ئەبو یوسوف) دەگێڕێتەوە کە ئەبو حەنیفەی مامۆستای وتویەتی: صەحابە هەمویان عەدلن، جگە لە هەندێکیان، لەوانە ناوی ئەبو هورەیرە و نەسی کوڕی مالیکی بردوە (الصحابة کلهم عدول ما عدا رجالا، وعدّ منهم أبا هریرة وأنس بن مالك).

٧. دانپێدانانی ئەبو هورەیرە خۆی: ئەبو هورەیرە بۆ خۆی هەندێك جار دانی بەوەدا ناوە کە تۆمەتبارە بە فەرمودە ساز کردن، یان خۆی قسەی وا کردوە وەکو دانپێدانان وایە. لەم بابەتە:

ا. کاتێك موعاویە چوە کوفە و ئەبو هورەیرە کاتێك ئاپۆرەی خەڵکی بینی کەوتە سەر چۆك و چەند جاریچك کێشای بە ناوچەوانیدا، بۆ ئەوەی خەڵکی لەدەور کۆ ببێتەوە، ئینجا وتی: خەڵکی عیراق! ئێوە پێتان وایە من درۆ دەرهەق خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەم و خۆم توشی سوتانی ئاگر دەکەم؟! ئینجا لە درێژەی قسەکانیدا هێرشی کردە سەر عەلی وەکو چەوریەیەك بۆ موعاویە!

ب. کاتێك ئەو حەدیسەی بۆ خەڵك خوێندەوە کە دەڵێت: (دەستی بەرز لە دەستی نزم چاکترە) (الید العلیا خیر من الید السفلی)، لێیان پرسی: ئەمەت لە پێغەمبەر بیستوە؟ وتی: نەخێر، ئەوە لە کیسەکەی ئەبو هورەیرەوە دەرچوە! (کلا، هذا من کیس أبي هریرة!). کە وا دەردەکەوێت بەم قسەیە گۆشەیەکی لە دەرونی خۆی بۆ خەڵك دەرخستبێت!

٨. لە گێڕانەوەکانیدا بەڵگەی هەڵبەستن و دروستکردن هەیە:

ئەگەر لە گێڕانەوەکانی ئەبو هورەیرە ورد ببینەوە، نمونەی زۆر دەبینینەوە لەسەر ئەوەی ئەو گێڕانەوانە سروشتی و ڕاستەوخۆ نین و هەڵبەستن و دروستکردنیان تێدایە. لە بابەتە:

ا. باسی چەند شتێکی کردوە کە ئەو کاتە ئەو لەوێ نەبوە:

ـ وتویەتی: چوم بۆلای (ڕوقەیە) ی کچی پێغەمبەر و ژنی عوسمان و شانەیەکی لەدەستدا بو... (گێڕانەوەی: حاکیم). ئەمە لەکاتێکدا ڕوقەییە ساڵی (٣ ك.) مردوە و ئەبو هورەیرە کاتی فەتحی خەیبەر هاتوە و موسوڵمان بوە!

ـ وتویەتی: جارێك پێغەمبەر پێشنوێژیی نوێژی نیوەڕۆ یان عەسری بۆ کردین، لەدوای دو ڕکات سەلامی دایەوە، (ذولیەدەین) پێی وت: نوێژەکەت کەم کردەتەوە یان لەبیرت چوە؟ لەکاتێکدا (ذولیەدەین) لە بەدردا کوژراوە زۆر پێش هاتنی ئەبو هورەیرە.

ـ وتویەتی: خەیبەرمان فەتح کرد، هیچ زێڕ و زیوێکمان بەتاڵانی دەست نەکەوت، بەڵکو تەنها مانگا و وشتر و کەلوپەل وباخمان دەست کەوت (افتتحنا خیبر ولم نغنم ذهبا ولا فضة، إنما غنمنا البقر والأبل والمتاع والحوائط) (بوخاری)، لەکاتێکدا دوای تەواوبونی خەیبەر هاتوە!

ـ هەر لەم بابەتە، وتویەتی: لەگەڵ پێغەمبەردا شەڕی خەیبەرمان کرد، پێغەمبەر دەربارەی کەسێك لە جەنگاوەرە موسوڵمانەکان وتی "ئەمە دۆزەخیە"! کە لە کۆتاییدا ئەو کەسە بریندار بو و خۆی ڕانەگرت خۆی کوشت.. (بوخاری)، ئەم کەسەش ناسراوە و ناوی (قەزمانی کوڕی حەرث) بوە و مەسەلەکش لە جەنگی (ئوحود) دا ڕوی دا نە خەیبەر.. بۆیە ئەبو هورەیرە لێرەدا دو جار کەوتوە هەڵەوە: جارێك کە ئەو خەیبەری نەدیوە و جارێکی تریش کە ئەوە لە خەیبەردا نەبوە و زۆر پێش هاتنی ئەبو هورەیرە بوە!

ـ وتویەتی: حەفتا کەسم لە (ئەهلی صوففە) بینیوە کە جلوبەرگی تەواویان نەبوە... (رأیت سبعین من أهل الصُفّة ما منهم رجل علیه رداء وإنما علیه إما إزار) (بوخاری)، لە کاتێکدا ئەم حەفتا کەسە هەر ساڵی (٤ ك.) لە ڕوداوی (بئر معونة) هەمویان شەهید کراون، زۆر پێش هاتنی ئەبو هورەیرە!

ب. هەندێك قسەی گێڕاوەتەوە کە هەڵەی تێدا کردوە (چونکە ڕاستەوخۆ نەیبیستوە و عەقڵی خۆی یاریی لە بابەتەکاندا کردوە). لەم بابەتە:

ـ وتویەتی: پێغەمبەر وتویەتی: (شوم لە ژن و خانو و وڵاخدایە) (إنما الطیرة في المرأة والدار والدابة)! کە ئەمە سوکایەتییەکی قبوڵنەکراوە بە ژن و جگەلەوەش دوپاتکردنەوەی نەریتێکی ئەفسانەیی کۆنە، کاتێك ئەوەیان بۆ عائیشە گێڕایەوە، وتی: سوێند بەو خوایەی کە قورئانی داەزاندوە درۆی کردوە هەر کەس ئەوەی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەرەوە، ئەو تەنها وتویەتی: خەڵکی سەردەمی جاهیلیەتی پێش ئیسلام وایان وتوە (کذب ـ والذي أنزل القرآن علی أبي القاسم ـ من حدّث بهذا عن رسول الله. إنما قال رسول الله: کان أهل الجاهلیة یقولون: إن الطیرة في الدابة والمرأة والدار)

ـ گێڕاوێتیەوە لە پێغەمبەرەوە کە وتویەتی: هەناوی کەسێکتان پڕ ببێت لە کێم و زوخاو باشترە لەوەی پڕ ببێت لە شیعر) (لأن یمتلئ جوف أحدکم قیحا خیر من أن یمتلئ شعرا)، کاتێك ئەمە گەیشتەوە بە عائیشە، وتی: جوانی لەبەر نەکردوە، پێغەمبەر تەنها وتویەتی: (هەناوی کەسێکتان پڕ ببێت لە کێم و زوخاو باشترە لەوەی پڕ ببێت لە شیعرێك کە بۆ هەجوی من وترابێت).

ئەمانە هەمویان جگە لەوەی زۆربەی هەرەزۆری، ئەگەر نەڵێین هەموی، ئەو فەرمودانەی لە پێغەمبەرەوە گێڕاونیەوە، ڕاستەوخۆ لەوی نەبیستون، بەڵکو لە کەسی تری بیستون و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێی گەیشتوە ئیتر دەڵێت لە خۆیم بیستوە.. گەلێك لەوانە قسەی کەعبی ئەحبار یان خەڵکی تر یان قسەی خۆی بون و کردونی بە فەرمودە. چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەبو هورەیرە ناوی ئەو کەسەی نەبردوە کە ڕاستەوخۆ ئەو قسەیەی بۆ کردوە، کە ئەمەش لە (علومی حەدیس) دا پێی دەوترێت (تەدلیس)، کە فەرمودەی ڕاستەقینەیش دەباتە حوکمی هەڵبەسراو، نەخوازەڵا قسەیەك کە هەر بنچینەی نەبێت. (ئیبن قوتەیبە) دان بەو ڕاستیەدا دەنێت: ئەبو هورەیرە دەیوت "پێغەمبەر وای وتوە" لەکاتێکدا لە کەسێکی بیستوە و دەیگێڕێتەوە، ئەمەش لە خۆیدا دو ئابڕوچونە: یەکەمیان وتویەتی " لە پێغەمبەرم بیستوە" کە ئەوە درۆیە، دوەمیش دەبێت بزانین کەسی یەکەم کێیە کە بۆ ئەوەس گێڕاوەتەوە: متمانەدارە یان نا، ئەویش لە کیسەی خۆیەوە هێناویەتی یان لە پێغەمبەری بیستوە.. کە ئیتر مەسەلەکە ڕۆشن نیە.

ئەگەر هەر بە عەقڵیش ورد ببینەوە، ئەبو هورەیرە تەنها یەك ساڵ و نۆ مانگ لەنزیك پێغەمبەرەوە مابێتەوە (ئەویش نزیکییەکی وەهایش نا وەکو هاوەڵە دڵسۆزەکانی)، چونکە لە مانگی (صفەر) ی ساڵی (٧ ك.) دوای خەیبەر لە یەمەنەوە هاتوە و موسوڵمان بوە، لە مانگی (ذولقەعیدە) ی ساڵی (٨ ك.) دا پێغەمبەر دەینێرێت بۆ بەحرەین.. ئەم ماوەیەش (یەك ساڵ و نۆ مانگ) ئاشکرایە زۆر لەوە کەمترە کە لە هەمو صەحابیەکانی تر زیاتر لە پێغەمبەر ببیستێت، بە شێوەیەك کە ژمارەی گێڕانەوەکانی گەیشتونەتە (٥٣٧٤)! لەمانە تەنها لە (صەحیحی بوخاری) دا (٤٤٦) گێڕانەوەی ئەو هاتوە!

لە کۆتاییدا، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشم بۆ ئەوەی ئەگەر دەیەوێت زانیاریی تەواو لەسەر ئەم بابەتە پەیدا بکات، ئەم دو کتێبە دانسقەیە بخوێنێتەوە:

١. محمود أبو ریة، شیخ المضیرة ـ أبو هریرة.

٢. د. مصطفی بوهندي، أکثر أبو هریرة.

**تێبینی :**

**لە ژمارە (٣٠١)ی هەواڵدا لەجێ بەشی دەیەم نوسراوە بەشی نۆیەم بۆ ئاگاداریتان**

♦ دڵسۆز حەمە

# پارلەمان و ژوری نوستن

پارلەمان وەکو بەرزترین دەزگا و دەسەڵاتی یاسادانان لە وڵاتدا ، وەکو پێکهاتەیەك کە لێپرسراویەتێکی گرنگی ئەخلاقی ومێژویی دەکەوێتەسەرشان ،وەکو دەزگایەك کە چاودێرە بەسەر هەردو دەسەڵاتی جێبەجێکەر و دادوەریشەوە ، وەکو بونیادێکی فیزیکیش پارلەمان لەدواجاردا وا چاوەڕواندەکرێت لە فیگەرەکانی ئەو توێژەبن کە پێیان دەگوترێت نوخبە ، نوێنەر ودەمڕاستی ئەو دەستەو گروپ وناوچەو هێزە سیاسی وئایدۆلۆژیانە بن کە هەڵیانبژاردون و بە نوێنەری خۆیان قەبوڵیان کردون ،بە ئەمینی مافەکانی خۆیان رایانسپاردون بەژن وپیاوەوە ،چونکە تا ئەمساتەوەختەش پرۆسەکانی دەنگدان وهەڵبژاردن لە وڵاتی ئێمەدا حزور وبەشداری ژنان لەبەر هەر هۆیەکی نیشتمانی وحیزبی جێکەوتە وپاشماوەی سیحرەکانی ئازادی وڕاپەڕین بێت بەشداری ژنان بەهەمان ئاستی پیاوان دەبێت ، بە دەنگی ژنان وپیاون ئەو فیگەرانەی ئێستاکەی پارلەمان لەوێندەر دانیشتون ،ئەگەر دەزگایەك سەنگی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئیداری و دەسەڵاتی بەو ئاستە بێت وئەوەندە ڕەهەندێکی ئەخلاقی ومێژویی وئینسانی هەبێت ، مانای وایە بەرپرسی یەکەمە لە فەراهەمبون و بەرهەمهێنانی عەدالەت لە کۆمەڵگادا ،هیچ نەبێت لە ئاستی دەرکردنی یاسا و ڕاسپاردەکانیدا ،چونکە مەرج نیە هەمو کات و هەلومەرجێکی مێژویی بوار بە هەموارکردنی ئەو یاسایانە بدات کە پارلەمان پەسەندیان دەکات ،بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی هەر دروشمێکی بریقەدارە و ژیانی پارلەمانی و پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن تەنها پەیکەرێکی کارتۆنی و بێهێز و بێگیانە کە هیچ ژیانێکی ڕاستەقینەی تێدا نیە ،هەربۆیە ئەو جۆرە دەزگایانەش لەدواجاردا دەبنە پاشکۆی دەسەڵات وئامرازەکانی کە ئیدی ناتوانن نەك ژیان وسیفری سیاسی دیموکراتی بەرهەم بێنن بەڵکو تەنانەت زەمینەسازی بۆ حاڵەتێکی لەوجۆرەش بکەن ، یەکێك لە ڕوەکانی یان ماناکانی عەدالەت ،یەکسانی و بەیەکچاوسەیرکردنی هاوڵاتیانی چوارچێوەی کۆمەڵگایە بە ژن و پیاوەکانەوە ،ڕەچاوکردنی ئەو چەمکە ئەخلاقیەی عەدالەت لە یاساکاندا لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی ئێمە ،کە خاوەنی دویاسا ودوستانداردی کۆمەڵایەتی وئەخلاقی زۆر بەهێزە لە جیاکردنەوەی ژنان وپیاواندا ، کە ستانداردی فەرهەنگێکی تاسەرئێسقان پاتریارك وکۆنەپەرستانە و بێئاگایە ،هەربۆیە بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو فەرهەنگ وهەڵاواردنە نامرۆڤانەیە توندوتیژی بەردەوام وکۆمەڵگایەکی بەرهەم هێناوە کە خۆشەویستی وخێزان ومتمانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەکەونە ژێر پرسیار وتەنگژەی ئاستەمەوە ،دەرکردنی یاسا مەدەنیەکان کە پەیوەستن بە ستراکتۆری خێزان وئەو پەیوەندیانەی سێکسوالیتایت و کۆبونەوەی نێر ومێ لە پەیوەندیەکدا سەنترالی بابەتین ، بێگومان چاوەڕوانیش دەکرێت لەگەڵ ئەو تەوژم ودەستەو گروپ وتاقمانەدا بەریەککەوتن وبەرەنگاربونەوە ڕوبدات کە هەڵگری ئەو تێڕوانینە پاتریارکیە ترسناکەن کە هەمیشە ژنان لە پێگەیەکی ئینسانی خوارتر ونامرۆڤانەتر دادەنێن ،ئەو تێڕوانینەی لەسەر پایەکانی ئایین وفەرهەنگی کۆنەخوازی خۆی بیناکردوەو بە خێتابەکانی ئەوان هەناسەدەدات ،بە تایبەت لەساتەوەختێکی وەکو ئەمڕۆدا ،کە ئیسلامی سیاسی لە هەرجێگە وقوژبن وکەلەبەرێکەوە هەوڵی نەپساوەی خۆی دەدات کە دەستبخاتە هەمو وردەکاریەکەنی ژیانی کۆمەڵگاوە و چەسپاندنی ئەو یاسایانەی کە کار لەسەر خێزان دەکات ،بەوجۆرەی ئەو خێزانە پاتریارکیە دەستەمۆیە بەرهەم بێت ،کە دوپێگەی تەواو جیاواز جیاکراوەتەوە ،ژنانی ملکەچ ودەستەمۆ ومەسخکراو ،تائەو ڕادەیەی بکرێت چواریان ( چوار مرۆڤی ژن ) لەزمەتی پیاوێدا نەك هەر مومکین بێت بەڵکو یاساییش بێت ، ئەگەر نەخۆشیش کەوتن ،کەوتنەسەرجێگا وئازار وبەڵایەکی خودای تەعالا ،بە بێدەسەلات وئیرادەی خۆی جەستەی لە مرۆڤێکی تەندروستەوە گۆڕی بۆ یەکێکی نەخۆش وپەککەوتە وبیماروپڕ ئێش و ئازار،ئەوا وەکو هەر ئامرازێکی بێگیان وبێکەرامەت وهەست وهۆش ،لەجێگای پشتیوانی وهاودەمی وتۆخکردنەوەی بەها پیرۆزەکانی وەفاداری وشەهامەت وعەشقی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگادا ، دەستئاوەڵابونی پیاوان و بێبەها تەماشاکردنی ژن وپەیوەندی ڕەگەزسالاری بە ژنەوە دەکرێت بەیاسا وشەرعیەتی پێدەدرێت ، بەمانای ، لە جێگای چەسپاندنی بەهای مرۆڤەنەی قوڵ لە پەیوەندیەکانماندا ، دەستئاوەڵایی پێگەی پیاو بەسەر ژناندا ڕەوایی پێدەدرێت وبگرە دەکرێت بە یاسا ،بەمانای بە پێی یاسا ،پیاو دەتوانێت ئەگەر ژنەکەی نەخۆشکەوت ،توانای سێکس وجوتبونی نەما ، نەزۆك بو ،پیاو دەتوانێت ،بێ ئیعتیبارکردن بۆ هەست وهۆش وکەرامەتی ئینسانی ژنێك ،ژنێکی دی بەرێتە ژێر جێگاکەی خۆی ، ئەمە مانای ڕاستەوخۆ وبێپەردەی (بەشتومەککردنی ) ژنە کە ناوەڕۆکی یاسای فرەژنی بەرهەمی دێنێت ، ئەو یاسایەی کە پارلەمانی کوردستان دەنگی لەسەردا ،بەیاساییکردنی میکانیزمی پلەدویی ژن و بە مێگەل تەماشاکردنی وحیسابکردنی بە شتێك لەشتانەی دەکرێت لەکاتی پەککەوتن و بێکەڵکیدا خاوەنەکەی شتێکی دی بخاتە سەر زیممەتی خۆی ولەخزمەتی خۆیدا کەڵکی لێوەرگرێت ، پەسەندکردنی یاسایەکی لەوجۆرە ،تەنها لەبەریەککەوتنی هێزە عەلمانیەکان ( گەرهەبن !)وهێزە ترادیشناڵ وئایینی وکۆنەخوازەکانەوە سەرچاوەی نەگرتوە ،بەڵکو کێشەکە لەوە قوڵترە ،کێشەی مرۆڤی ئێمەیە لەگەڵ چەمکەکانی ئازادی ودیموکراسی ویەکسانی وخۆشەویستی وباوەڕبەخۆبون ،کێشەی دەسەڵاتی سیاسی ئێمەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ ،لەگەڵ دیموکراسی وخەیاڵی بە